کۆمیتەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندەمی کوردستان (دەرەوەی وولات )

---

بابەت / ڕاگەیاندنی کۆمیتەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندەمی کوردستان (دەرەوەی وولات)

بەروار/ 2005/01/23_22

شوێن / سوید ـ ستۆکهۆڵم ( هیوسبی تریێف )          ڕێکەوتی ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە

کۆنفرانس بە خولوکێك وەستان بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان و سروودی ڕیفراندۆم دەستی پێکرد .

لە لایەن دەستەی ئامادەکاری کۆنفرانسەوە بەخێرهاتنی هەموو ئەندامانی کۆمیتەکانی ڕیفراندۆم ، پارت ،لایەن ، ڕێکخراوەکان و میوانەکان کرا.

لەدوای هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنفرانس لە لایەن نوێنەرانی کۆمیتەکانەوە ، نوێنەرانی( پارتی لیبرالی گەلی سوید کە بەڕێز خاتو ئانا ماریا نارتی ، پارتی ژینگەی سوید کە ئەندامی سەرکردایەتیان و پەرلەمەنتاری پارتی ژینگەی سوید کە بەڕێز خاتوو ئیڤۆن ڕوئەیدا ، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی گەلی لیبرالی سوید کە بەڕێز فریدریك ماڵم ، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتیمانیی کوردستان ،ووتاری پشتگیری و پیرۆزباییان پێشکەش کرد )، پاشان بروسکەو پیرۆزبایی ( پارتی سۆسیالسیستی کوردستان و ، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید ، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد ، کۆمەڵی شۆڕش گێڕی زەحمەت کێشانی کوردستان ، کۆمەڵەی دۆستانی کەرکوك و کۆمەڵەی منداڵ ودۆستانی کوردستان خوێندرایەوە .

پاشان زانیاری لە لایەن ئەندامانی شاندەکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بۆ نەتەوەیەکگرتووەکانی نیۆیۆرك و جنێف و پەرلەمانی بەریتانی و پەرلەمانی سویدی پێشکەش کرا .

دوابە دوای ئەوە وتاری نوێنەری کۆمیتەکانی ( کوردستان ، ئەڵمانیا ، بەریتانیا ، هۆڵەندا ، فنلەندا ، سوید ) پێشکەش کرا هەروەها ڕاپۆرت و پێشنیاری  کۆمیتەکانی ( ئەمەریکای

باکور و کەنەدا ، نەمسا ، ئوستورالیا ، سویسرا) لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەری کۆنفرانس خوێنرایەوە .

پاشان لە ئامێزی سوید یەکەم کۆمیتەی بالاْی بزووتنەوەی ڕیفراندەمی کوردستان (دەرەوەی وولاْت ) ڕاگەیەندرا وبڕیار درا :=

1ـ کۆنفرانسەکە بەو پێیەی کە یەکەمین کۆنفرانسی بزوتنەوەکەیە لە دەرەوەی وولاْت، بایەخی تایبەتی خۆی هەیە بۆ یەکخستنی پرۆگرام و بەرنامەی کاری بزووتنەوەکە لە دەرەوە و لە ناوەوەی کوردستان ، وە کاراکردنی ڕۆڵی کۆمیتە جۆربەجۆرەکان و کۆتایی هێنان بە گرفت و کێشە هەمەجۆرەکان ، لەم بوارەشدا کۆنفرانسەکە سەرکەوتوو بوو وە بڕیاری داوە هەمەلایەنەتر ئەو ئامانجانە بێنێتە دی .

2ـ سەبارەت بە هەڵوێستی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم دەربارەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق کۆنفرانس پێی وا بوو کە ئەو هەڵبژاردنە ئەجندەی هێزەسیاسیەکانی کوردستانە لە چوارچێوەی فیدرالیزمدا ، وە بزووتنەوەی ڕیفراندەم ( ڕیفراندەمی نافەرمی) هەڵبژاردووە بۆ خستنە ڕووی هەڵوێستی خواستی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان.

3ـ کۆنفرانس جارێکی دیکە جەختی لەسەر سەربەخۆیی بزووتنەوەی ڕیفراندەمی کوردستان کردەوە وە دووپاتی کردەوە و دەری بڕی کە هاوکاری و هاوتەریبی هێزە سیاسیەکانی کوردستان و بزووتنەوەی ڕیفراندەم لە خزمەتی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانە لە ڕوانگەی جیاوازەوە .

4ـ سەبارەت بە ڕیفراندەمی نا فەرمی بڕیار درا کە چالاکانە کار بکرێت لە کۆمیتەکانی دەرەوەی وولاْت و بۆ ئەم مەبەستە فۆرم ئامادە بکرێت بۆ کۆکردنەوەی ئیمزای پشتگیری کوردستانیان لە هەموو وولاْتێك بە پێی مەرجەکانی کار کردن لەو وولاْتەی کە کۆمیتەکانی تێدا هەن وە تیایدا بە ڕوونی دوو پرسیار ئاڕاستە بکرێت

اـ ئایا دەتەوێ لە چوار چێوەی ئێراقدا بمێنیتەوە ؟

ب ـ ئایا دەتەوێ سەربەخۆ بیت ؟

5ـ بە فەرمی ناساندنی کۆمیتەکانی بزووتنەوەکە لەو وولاْتانەی کۆمیتەی تێدایە بە مەبەستی زیاتر ناساندن و پشتگیری دۆست پەیداکردن و سوود وەرگرتن لە هەموو دەستکەوتە یاساییەکانی ئەو وولاْتە بۆ بزۆتنەوەکە.

6ـ بڕیار درا كه بەردەوام بین له پەیوەندییه دیپلۆ ماسسیەكاندا و ئەو چالاكیانەی لەو بارەیەوە ئەنجام دراون فەرامۆش نەكرێن و بە دوایاندا بچنەوە .

7ـ كۆنفرانس بڕیاری دا پەیوەندی بە هەموو ئەو ئەندامانەی بزووتنەوی ڕیفراندەم بكات كە بە هۆی جۆر بە جۆر له بزووتنەوەكه دابڕاون وە كۆمیتەی ئەو وولآتانه دروست بكاتەوە كه لەبەر هەندێ گرفت هەڵوەشاونەتەوە .

شایانی باسه كه یەكەم ڕۆژی كۆنفرانسەكه له كاتژمێری( 12 تا 20 )ی خایاند و ڕۆژی دووهەم له له كاتژمێر( 9 تا 18 )بەردەوام بوو .

له كۆتاییدا به گیانێكی تەبایی و هەمئاهەنگی ، به سەكەوتووانه كۆنفرانس به چڕاندنی سروودی ئەی ڕەقیب له لایەن هەموو بەشدار بووانی كۆنفرانسەكه كۆتایی پێ هێنرا .

ستۆكهۆڵم 2005/1/23

لیژنەی ڕاگەیاندنی كۆنفرانس